کۆمیسیۆن بۆ دەنگدەران: تا ڕۆژی یەکشەممە کارتی بایەمەتری وەربگرنەوە

کۆمیسیۆنی باڵای سەربەخۆی هەڵبژاردنەکان داوا لەو دەنگدەرانە دەکات کە کارتی بایەمەتریان وەرنەگرتووە، تا ڕۆژی یەکشەممە (16/11/2023) کارتەکانیان وەربگرنەوە.

کۆمیسیۆنی باڵای سەربەخۆی هەڵبژاردنەکان لە بەیاننامەیەکدا دەڵێت: کۆمیسیۆن داوا لەو دەنگدەرانە دەکات کە کارتی بایەمەتریان لە ناوەندەکانی تۆمارکردن وەرنەگرتووە، سەردانی نوسینگەکانی هەڵبژاردن بکەن لە پارێزگاکانیان بە مەبەستی وەرگرتنی.

ئاماژەی بەوەشکرد، بانگهێشتنامەکە ئەو دەنگدەرانە دەگرێتەوە کە لە دەنگدانی تایبەتدا بەشدارن تا 16/12/2023 و ئەو دەنگدەرانەی لە دەنگدانی گشتیدا بەشدارن تا 18/12/2023.